هەرێمی کوردســـــتان/عێراق

ئەنجومەنی وەزیـران

إقليم كوردستان/العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
# ژمارە (٢) لە ٢٠١٩/٧/١٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسـایی ئەنجـومەنی وەزیـران ژمـارە (١) لە ٢٠١٩/٧/١٥، بڕیاردرا بە:

١. سـەردانی شـاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ بەغـداد بە سـەرۆکایەتی بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیران بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتییەکانی حکومەتی فیدراڵی بە مەبەستی پیشاندانی نیازپاکیی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بـۆ دەسـتپێکردنی گفتوگـۆ و دانوسـتان لەگەڵ حکـومەتی عێراقی فیـدراڵ بە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەری ڕیشـەیی بـۆ سـەرجەم کێشـە هەڵپەسـێردراوەکان بە تـایبەتی لە بـواری دۆسـێیەکانی پەیوەندیـدار بە (نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم و پێشـمەرگە و بـودجە و مـووچە و نەوت و مافە دەستورییەکانی دیکەی گەلی کوردستان) لە چوارچێوەی دەستور.

٢. شاندی ئاماژەپێدراو دواتر بە ڕاپۆرتێك ئەنجومەنی وەزیران لە دەرئەنجامی کۆبوونەوەکانی ئاگادار دەکاتەوە.

٣. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران